# رۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە، حزبی رزگاری کوردستان دەری دەکات، ژمارە نۆبەرەی لە 2000-7-1 دا بڵاوبۆتەوە.. ژمارە 247 یەکشەممە 2010-10-10


## رەوشی عێراق ئەلئەسەد نیگەران دەکات

بەشار ئەلئەسەد لە دیمانەی تەلەفزیۆنی تی ئارٍ تی تورکیدا رایگەیاندوە کە دۆزی کورد نیگەرانی ناکات، چونکە کوردەکان خۆیان داوای دەوڵەتی سەربەخۆ ناکەن، بەڵام رەوشی ئێستای عێراق جێی نیگەرانیە نەوەک عێراق بەرەو هەڵوەشانەوە برِوات و سێ هەرێمۆکەی سوننە و شیعەو کورد دروست ببن، ئەگەر هەرێمەکانیش لەسەر بنەمای نەتەوەیی و ئایینی بن، ترسناک و زیان بە هەمووان دەگەیەنێ.

هەر لەو دیمانەیەدا بەشار ئەلئەسەد سەرکۆماری سوریا نیگەرانی خۆی لە دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتی عێراق نەشاردۆتەوە، هەروەها هیوای خواستوە هەر سێ دەوڵەتی سوریاو تورکیاو ئێران رامانی هاوبەشیان لەسەر داهاتووی عێراقدا هەبێ و بۆ یەکپارچەیی خاکی عێراق کار بکەن. هەر لەو دیمانەیەدا سەرۆکی سوریا هیوای خواستوە کە کێشەی کورد لە تورکیا لە رێی دیالۆگ و لێبوردنی گشتیەوە چارەسەر بکرێ.

# بەتۆمەتی پاشکەوتکردنی وێنەی بەرپرسانی کوردستان لەنێو تەلەفۆن دا،شەش مانگ زیندانی بۆ دەبرِدرێتەوە

دادوەرێکی سەربازی دەوڵەتی سویار لە شاری قامیشلۆ، رۆژی 3-10-2010 سزای شەش مانگ زیندانی کردنی بەسەر کوردێک سەپاند.

بەگوێرەی بەندەی 307ی یاسای تاوانەکان، دادوەرێکی سوریا برِیاری دا کە کوردێکی ئەو وڵاتە شەش مانگ زیندانی بکرێ، چونکە وێنەی چەند بەرپرسێکی هەرێمی کوردستانی لەنێو میمۆرِی تەلەفۆنەکەیدا پاشەکەوت کردبوو.

رۆژی 3ی ئەم مانگە، دادوەری سەربازی شاری قامیشلۆ، سزای شەش مانگ زیندانیکردنی بەسەر هۆزان حەسەن محەمەد دا سەپاند، چونکە میمۆرِی تەلەفۆنەکەی وێنەی بەرپرسانی کوردستانی تێدا دۆزرابۆوە.

جێی ئاماژەیە کە هۆزان حەسەن محەمەد رۆژی 15ی حوزەیرانی ئەمساڵ بەتۆمەتی ئەوەی وێنەی سەکردە کوردەکانی هەیە، لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی شاری قامیشلۆوە قۆلبەست کرابوو.

## مالکی دەخوازێ عێراقیەو کوردستانی رێکبکەن



دەوڵەتی یاسا رایگەیاندوە کە ئیتر بە پشتیوانی خەڵک و زۆرینەی نوێنەرانی پەرلەمان! نوری مالکی بۆ وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکوەزیران کاندید کراوەتەوە، ئەو پرسەشی بە یەکلایی کراوە داناوە، بۆیە نوری مالکی داوای لە ئیئتلافی ئەلعێراقیەو لیستە کوردستانیەکان کردوە تا لەسەر دابەشکردنی پۆستی سەرکۆمارو سەرۆکی پەرلەمان رێکبکەون و کۆتایی بە گفتوگۆکانیان بهێنن.

جێی ئاماژەیە کە زۆر دەمێکە لە ئیئتلافی لیستە کوردستانیەکان کاندیدی خۆی ب پۆستی سەرکۆمار ئاشکرا کردوەو رێزدار سەرۆک تاڵەبانی متمانەی پێدراوە، کەواتە تەنیا پۆستی سەرۆکی پەرلەمان بۆ ئیئتلافی ئەلعێراقیە ماوەتەوە، بەوهۆیەوە لێیاندەخوازرێ کە هەرچی زووترە پاڵێوراوی خۆیان دەستنیشان بکەن.

هەرچەندە تا ئێستاش بەشێک لە ئەندامانی ئیئتلافی نیشتمانی عێراقی پێداگری لەسەر کاندید نەکردنەوەی نوری مالکی دا دەکەن، بەڵام نوری مالکی رایگەیاندوە کە ترسی لەو دەنگانە نیەو پێیوایە کە لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێپەرٍ ناکەن.

دەوڵەتی یاسا رایگەیاندوە زۆر خۆشحاڵ و رەزامەند دەبێ کە ئەگەر دانوستاندنی نێوان کوردستانی و ئەلعێراقیە کۆتا ببێ و لەنزیکترین دەرفەتدا ناوی کاندیدەکان ئاشکرا بکرێن.

## رۆژەڤ

ئیئتلافی دەوڵەتی یاسا خۆی بە نزیک لە ئیئتلافی لیستە کوردستانیەکان دادەنێ، لەهەوڵی ئەوەدایە کە ئەو ئیئتلافە پشتیوانی لە کاندیدکردنەوەی نوری مالکی بۆ وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکوەزیران بکات، هەرچەندە بە فەرمی هیچ وەڵامێکی پێشمەرجەکانی ئیئتلافی لیستە کوردستانیەکان نەدراوەتەوە، بەڵام هەواڵەکان بڵاویان کردبۆوە کە نوری مالکی لە کۆی 19ی خاڵی پێشمەرجی ئیئتلافی لیستە کوردستانیەکان، هەژدە خاڵی پەسند کردوە.

خوێندنەوەی هاوکێشە سیاسیەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە هیچ لایەنێک بەبێ بەشداریپێکردن کوردستانیان ناتوانێ کابینەی نوێ پێکبهێنێ، بۆیە پێداگری و سووربوونی کوردستانیان لەسەر پێشمەرجەکانیان کارێکی رەواو واتادارەو تەکانێکی دیکە بە دۆزی رەوای گەلەکەمان دەدات.

لەلایەکی دیکەوە ئەمریکا، ئێران، تورکیا و وڵاتانی عەرەبی جەخت لەسەر پێکهێنانی حکومەتێکی بنکەفراوان دەکەنەوە کە نوێنەرایەتی سەرجەم هێز و پێکهاتەکان لەخۆی بگرێ، کەچی وێرِای ئەوەشەوە هێشتا ترس و گومان و نیگەرانی لە شێوەی پێکهێنانی کابینەی داهاتوودا هەیە، چونکە نوری مالکی کە خۆی بەنزیک لە کوردستیانیان دادەنێ، کەچی بۆ رازیکردنی دڵی سوننە و بەرەی تورکمانی برِیاری دواخستنی سەرژمێری گشتی داوە، هەر ئەویش بووە بە درێژایی چوار ساڵی رابردوو هیچ هەنگاوی بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140 نەهاویشتووە، کەواتە ناشێ هەروا لەخۆرِاوە متمانە پێبدرێتەوە.

لەو پێوەندەدا هەقە بپرسین: ئایا کەسێکی دیکە جگە لە نوری مالکی هەیە کە زۆرتر ئامادەیی بۆ جێبەجێکردنی مادەی 140ی تێدا هەبێ؟ یا ناسنامەی کوردستانی بوونی کەرکوک بسەلمێنێ؟

## لەیلا زانا دادگەیی دەکرێ

میدیاکان ئاشکرایان کرد رۆژی پێنج شەممەی رابردوو، لەیلا زانا ،سیاسەتمەداری ناسراوی کوردستان و چالاکوانی بواری مافەکانی ژنان، خۆی چۆتە بەردەم دادوەری دادگەی تاوانەکان لە شاری ئامەد و وەڵامی ئەو تۆمەتانەی داوەتەوە کە لەلایەن داواکاری گشتییەوە ئاراستەی کرابوون.

سەردۆزگەری گشتی تورکیا، زانای بەوە تومەتبار کردووە کە لە جێژنی نەورۆزی 2010دا وتارێکی پێشکەش کردووە کە تێیدا پروپاگەندەی بۆ رێخکراوێکی تیرۆریستی کردوەو بەباڵای سەرکردەکانی ئەو رێکخراوەی هەڵگوتوە.

زانا تۆمەتەکانی رەتکردۆتەوە وراگەیاندوە کە بەهیچ شێوەیەک پروپاگەندەم بۆ رێکخراوێک نەکردوە، بەڵکو تەنیا بۆچوونی خۆم بەگەل راگەیاندوە.

لەیلا زانا بە دادوەری گوتوە: لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا پرسێک بەناوی پرسی کورد هەیەو پێویستە کورد خۆی بۆ پرۆسەی ئاشتیو چارەسەرکردنی ئەو پرسە ئامادەبکات.

هەرچەندە سەردۆزگەری گشتی دەخوازێ سزای دە ساڵ زیندانیکردن بە سەر لەیلا زانا بسەپێنێ، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە بەڵگەی پێویست لە دادگەی ئەنکاراوە بە دەست دادگەی ئامەد نەگەیشتوو، دادگەیی کردنەکە بۆ کاتێکی نادیار دواخراو لەیلا زاناش بە هاورِێتەی هەڤاڵانی بەرەو ماڵی خۆی گەرِایەوە.

## کوردۆساید داوای لێکۆڵینەوە دەکات

دوای دەرباز بوونی قاسم ئاغای کۆیە لە فرِگەی هەولێر، چاودێری کوردۆساید نامەیەکی کراوەی بۆ پەرلەمانی کوردستان رەوانە کردوەو خواستویەتی کە لێپرسینەوە لەگەڵ لایەنی پەیوەندار بکرێ.

هەر لە نامەکەی کوردۆساید نووسراوە: داواتان لێدەکەین لێژنەیەک پێک بهێنن کە بەدواچوون بکەن بۆ پراکتیزەکردنی لێکۆلینەوە لەناوی ٢٦٤ تاوانباری ئەنفال کەئێستا لەکوردستان دەژین و بەشێکی گرنگیان بەرپرسی باڵان لەدام و دەزگاکانی حکومەتی کوردستان و عێراق گەرچی دادگەی باڵای عێراق لەساڵی ٢٠٠٧ داوای کردوە لێکۆلینەوە یان لەگەڵ بکرێت، کەچی هەموویان ژیانێکی خۆشگوزەرانیان بۆ دابین کراوە.

### دووپات کردنەوەی هەڵبژاردن وەک باشترین چارەسەر

ل3

### کێشەی کورد چارەسەر نەبێ، خەونی تورک پوچەڵ دەبێتەوە

ل5

### رۆڵی ژنان لە کایە جیاجاکانی ژیاندا

ل6

### قەیرانی پێکهێنانی حکومەت و تەنگژەی دەوڵەتی عێراق

ل7